# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ژنائاسا لە پیاوەکان، ولە پیاوئاسا لە ئافرەتان، وفەرمووی: دەریانبکەن لە ماڵەکانتان

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ژنائاسا* لە پیاوەکان، ولە پیاوئاسا** لە ئافرەتان، وفەرمووی: دەریانبکەن لە ماڵەکانتان». *(واتە: ئەو پیاوانەی خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن لە هەندێک یان زۆربەی کردەوە وحاڵەتەکانیاندا لە جوڵە وقسەکردن وجل وجگە لەمانە)، **(واتە: ئەو ئافرەتانەی خۆیانەی خۆیان بە پیاوان دەچوێنن لە هەندێک یان زۆربەی حاڵەتەکاندا لە جوڵە وقسەکردن وجل وجگە لەمانە)

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا نزای کردووە لەسەر ئەو پیاوانەی خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن، ونزای کردووە لەسەر ئەو ئافرەتانەی خۆیان بە پیاوان دەچوێنن، نزای کردووە لەسەریان بە نەفرەت کردن ودوورکەوتنەوە لە ڕەحمەتی خوای گەورە، چونکە ئەمانە دروستکراو وبەدیهێنراوی خوای گەورە دەگۆڕن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە دەرکردنیان لە ماڵەکان وشارەکان ئەمیش بۆ دوورخستنەوەی شەڕ وخراپە وزیانیان لە خەڵکی، وبۆئەوەی ماڵەکان پاک وپارێزراو بن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee